هەواڵی رۆژنامەوانی


بڵاوکراوە لەکانونی یەکەمی 2015

# بۆیەکەم جار ڕوپێوی یەکەگەڕۆکەکان (فرۆشیارە گەرۆکەکان) بۆکەرتی تاییەت لەعێراق و هەرێم بۆساڵی2015 ئەنجام درا

ڕووپێوی یەکە گەڕۆکەکان بە شێوازی نموونە ئەنجام درا لە سەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. لەم ڕووپێوە 200 نموونە هەڵبژێردران بۆ هەر پارێزگایەك كە لە هەرێمی کوردستان ژمارەی نموونەکان 600 بووە لە کۆی 2842 نموونە.

بە پێی ئەنجامەکان, ژمارەی یەکەگەرۆکەکان لەکەرتی تاییەت لەعێراق و هەرێم 37619 یەکەبووە. لەم ژمارەیەدا, پارێزگای بەغدا رێژەی 39.1٪ و پارێزگای بەسرە رێژەی 20.6٪ بەرکەوتووە و لە هەرێمی کوردستان (هەولێر, دهۆك, سلێمانی) رێژەکەی 7.6٪ بووە لەکۆی تەواوی یەکەگەرۆکەکان لەسەرئاستی عێراق.

### رێژەی یەکەگەڕۆکەکان بە پێی پارێزگاکان




کۆی بەهای تەواوی سەرمایەی وەبەرهێنەر لەیەکەگەرۆکەکان لەهەرێمی کوردستان8.57 ملیار دینار بووە کەرێژەکەی دەگاتە 11.7٪ لەکۆی تەواوی بەهای سەرمایەی وەبەرهێنەران لەم کەرتەدا لەعێراق.

ژمارەی کارمەندانی بەکرێ و بێ کرێ لەیەکەگەرۆکەکان لەهەرێم 3475 کارمەند بووە. لەم ژمارەیەدا تەنها 162 کارمەندی بە کرێ بووە کەرێژەکەی 7.5٪ بووە لەکۆی ژمارەی کارمەندانی یەکەگەرۆکەکان لەعێراق.

کۆی بەهای تەواوی کرێ و بەخششی مانگانە بۆکارمەندانی بەکرێ لەیەکەگەرۆکەکان لەهەرێم 66.5 ملیۆن دیناری عێراقی مەزەندە کراوە کەرێژەکەی 6.4٪ بووە لەکۆی بەهای تەواوی کرێی مانگانەلەم کەرتەدا لە عێراق.

بەهای داهاتی مانگانە لەیەکەگەرۆکەکان لەهەرێم 2.8 ملیار دیناری عێراقی بووە کەرێژەکەی 15.5٪ بووە لەکۆی بەهای تەواوی داهاتی مانگانە لەیەکەگەرۆکەکان لەم کەرتەدا لەعێراق.

کۆی بەهای تەواوی خەرجیەکانی مانگانە لەهەرێم 370,6 ملیۆن دیناری عێراقی بووە، کەرێژەکەی 4.5٪ بووە لەکۆی تەواوی خەرجیەکانی مانگانە لەم کەرتەدا لەعێراق.

بۆ زانیاری زیاتر:
پۆستی ئەلیکترۆنی: contact@krso.gov.krd
لا پەرەی ئەلیکترۆنی: www.krso.gove.krd
تەلەفۆن: 00964662559170